ئەگەر بە هاوڕێکەت بڵێیت: بێدەنگ بە لە ڕۆژی هەینی لە کاتێکدا وتار خوێن وتار دەدات؛ ئەوا تۆ قسەیەکی پوچ وبەتاڵت وتووە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر بە هاوڕێکەت بڵێیت: بێدەنگ بە لە ڕۆژی هەینی لە کاتێکدا وتار خوێن وتار دەدات؛ ئەوا تۆ قسەیەکی پوچ وبەتاڵت وتووە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە یەکێك لە ئەدەبە واجبەکان لەسەر ئەوانەی ئامادەی نوێژی هەینی دەبن بریتیە لە: بەجوانی گوێگرتن بۆ وتاربێژ ؛ بۆئەوەی بیر لە ئامۆژگاریەکان بکاتەوە، و هەرکەسێك قسەیەك بکات ؛ لەکاتێکدا ئیمام وتار دەدات -ئەگەرچیش قسەیەکی کەم بێت- ؛ وەکو بەیەکێکی تر بڵێت: (بێدەنگ بە) و (گوێبگرە)، ئەوا فەزڵی نوێژی هەینی لەدەستچووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3107